# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەڵبستایە بۆ نوێژکردن ئەوا تەکبیرەی دەکرد لە کاتی وەستاندا، وتەکبیرەی دەکرد کاتێک بەرەو ڕکوع بردن دەچوو، وپاشان دەیفەرموو: (سَمِعَ اللَّه لِمَنْ حَمِدَهُ) ئەگەر پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەڵبستایە بۆ نوێژکردن ئەوا تەکبیرەی دەکرد* لە کاتی وەستاندا، وتەکبیرەی دەکرد کاتێک بەرەو ڕکوع بردن دەچوو، وپاشان دەیفەرموو: (سَمِعَ اللَّه لِمَنْ حَمِدَهُ)** ئەگەر پشتی لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە، وپاشان هەر بە وەستانەوە دەیفەرموو: (ربنا ولك الحمد)^، وپاشان تەکبیرەی دەکرد ئەگەر بەرەو سوجدە بردن بڕۆیشتایە، وپاشان تەکبیرەی دەکرد ئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە، وجارێکی تر تەکبیرەی دەکرد لە کاتی چوون بۆ سوجدە بردن، (ودیسانەوە بۆ هەستانەوە لە سوجدەی دووەمیش تەکبیرەی دەکرد)، ولە هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکەیدا ئەمەی ئەنجامدەدا، وتەکبیرەی دەکرد لە کاتی هەستانەوە لە پاش دانیشتنی ڕکاتی دووەم (لە پاش دانیشتن بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات-)، وپاشان ئەبو هورەیرە دەیووت: «شێوازی نوێژ ئەنجامدانی من نزیکترینە لە شێوازی نوێژ ئەنجامدانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-». *(تەکبیرە دەکرد: واتا دەیووت -الله أكبر-)، **(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، ^(پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

نوێژکردن هەمووی بەمەزندانانی خودایە بە وتە وکردەوە، ولەم فەرموودەیەدا دروشمی نوێژکردن ڕووندەکاتەوە کە بریتیە لە بە مەزندانانی خودا -سبحانه وتعالى-، وچونکە بە مەزاندنان و بە شکۆدانانی خودای تێدایە بۆیە ئەم زیکرانە کراوە بە دروشمی نوێژکردن. پێش چوونە ناو نوێژ بە پێوە بە ڕێکی ڕادەوەستێت پاشان بە تەکبیرەی ئیحرام* نوێژکردن دەستپێدەکات. وپاش ئەوەی خوێندنەوەی قورئان تەواو دەکات بەرەو ڕکوع بردن دەچێت وتەکبیرەیەکی تر دەکات (جارێکی تر دەڵێت: -الله أكبر-). وئەگەر لە ڕکوع بردن بەرز ببێتەوە، دەڵێت: (سمع الله لمن حمده)** وبە ڕێکی بە پێوە دەوەستێت، وپاشان هەر بە وەستانەوە لە پاش ئەو زیکرەی پێشوو حەمد وسوپاس وستایشی خودا دەکات ئەویش بە ووتنی: (ربنا ولك الحمد)^. وپاشان جارێکی تر تەکبیرە دەکات لە کاتی چوون بۆ سوجدە بردن، وتەکبیرە دەکات کاتێک سەری لە سوجدە بردن بەرز دەکاتەوە، وئەگەر لە پاش تەواو کردنی تەشەهودی -تەحیاتی- یەکەم هەستایەوە ئەوا تەکبیرە دەکات، وپاشان لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکەیدا ئەمە دووبارە دەکاتەوە هەتاوەکو نوێژەکەی تەواو دەکات، وشەریعەت بۆ هەموو جوڵە وحاڵەکانی ناو نوێژ تەکبیرەی داناوە جگە لە بەرزبوونەوە لە ڕکوع بردن نەبێت کە ئەو زیکرانەی تێدا دەخوێندرێت کە پێشتر باسکرا. *(تەکبیرەی ئیحرام: واتا دەڵێت -الله أكبر-)، **(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، ^(پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ)